لیژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانی داوای دواخستنی خێپیشاندان دەکات



لیژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانی، ئەمڕۆ سێشەممە،داوای دواخستنی خێپیشاندانەکانی کرد"جێختیشیکردنەوە" دەنگی موچەخۆران و ناڕەزایەتییەکانیان گەیشتتە هەمو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدرال".

لیژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانی لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "ئەمە لە لیژنەی ئەمنیی پارێزگای سلێمانی، پشتیوانیی و پاپشتیی تەواوی خێمان، بۆ ماف و داوا ڕەواکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و موچەخۆران بەگشتیی دەردەبڕین، باری دژواری ژیان و گوزەرانی موچەخۆران بەهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی موچەوە لەبەرچاودەگرین".

ڕاشیگەیاندوە، "دەنگی موچەخۆران و ناڕەزایەتییەکانیان گەیشتتە هەمو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدرال، بەڵام ئەنجامدانی خێپیشاندان و ناڕەزایەتی لەم دۆخە هەستیارەی ناوچەکەی پێدا تێپەڕدەبێت؛ گونجاو نابێت".

ئاماژەی بەوەشکردوەن وەك چەن پشتر هاوکار و هەماهەنگ بوین لەپرسی پاراستن و هێنانەکایەی ژینگەیەکی گونجاو بۆ خێپیشاندان و سەلامەتیی گیانی خێپیشاندەران، ئەمجارەیە بەسوپاس و پێزانینەوە، داوا دەکەین، خێپیشاندانەکەیە بۆ کاتێکی سەقامگیرتر دوابخەن تا هاوکار و هەماهەنگ بین لەگەیاندنی پەیامەکانیان بەشێوەیەکی شارستانیانە و دور لەهەر ئەگەرێکی توندوتیژی و ڕوداوی نەخوازراو".